کوردستان نێت
KURDISTAN NET

# با لە دهۆك یش کوردایەتی بکەین

## وەیس خانەقینی

ماوەیەکە دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی دیمۆکاتی کوردستان و هەندێ کەنالی ئەلەکترۆنی و رۆژنامەی نزیك لەو پارتە زۆر بە خەستی باس لەوە دەکەن کە پێویستە لەمەولا لە (کەرکوك) (کوردایەتی) بکەین نەك حیزبایەتی.لە راستیدا لەوانەیە ئەمە یەکەم جار بێت ئەو کەنالأنەو خودی ئەو حیزبە پەنجە لە سەر حەقیقەتێك دادەنێن کە ماوەیەکی زۆرە هەڵگرانی بیری سەربەخۆیی کوردستان وکوردایەتی راستەقینە لە هەموو کۆڕوکۆبونەوەکانیاندا باسی لێوەدەکەن وداوا لەو حیزبانەی سەر دەسەلأت دەکەن کە بارودۆخی نیشتمانی ئێمە هیشتا کاتی ململانێی حیزبی تێدا نەرەخساوە وجارێك لە قۆناغی رزگاری نیشتمانییداین.

ئەم هەنگاوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و دەزگاکانی راگەیاندنی ئەو پارتە زەرورەتیقسەکرنی لە سەر ئەو مەسەلە گرنگە هێناوەتەوەکە گۆڕێ،ئەویش ئەوەیە کە دەبێ هەموو حیزبەکانی کوردستان لەمەولادەست بەرداری کاری حیزبایەتی بن وکوردایەتی راستەقینە بکەن . هیوا دارم ئەم قسانەم بەوە لێك نەدرێتەوە کە من بانگەشەی هەڵوەشانەوە ونەهێشتنی حیزبەکانی کوردستان دەکەم،بەڵکو من مەبەستمە بڵێم ئەوە زیاتر لە چەندین دەهەیە سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستان (کوردایەتی)یان خستوەتە خزمەت حزبەکانیانەوە وهەر رۆژەی بە دەوڵت و لایەنێکی دەفرۆشن و ئالوویری پێ دەکەن.

بە داخەوە قسەکانی سەرکردایەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق و راگەیاندنەکانی ئەو پارتیە گەلێك درەنگ وەخت هات، بگرە لە کات وساتێکدا راگەیەنرا کە ئێمە زۆر شتمان لە دەست داوە.لە هەمووی خراپتر ئەوەیە سەرکردایەتی ئەو حیزبە لە (کەرکوك) داوای کوردایەتی لە لایەنەمانی تری کوردستان دەکات ،کەچی ئامادەنییە لە ( دهۆك ) بۆ دەرمانیش رێگە بە پارتەکانی تری کوردستان بدات نەك کوردایەتی، بەڵکو حیزبایەتیش بکەن .بە بەردەوامی وەك دوژمن لە ژێر چاودێری ئەواندان.

ئەوەی تۆزێك شارەزایی هەبێت لە مێژووی هەردوو حیزبە دەسەلأت دارەکەی کوردستان،لەوە باش تێدەگات کە ئەم دوو حیزبە لە هەر شوێنێك لاواز وکەم ئەندام بن داوای (کوردایەتی) راستەقینەو بێ غەل وغەش دەکەن، بەلأم لە هەر ناوچەیەك زانیان بالأدەست و فرە ئەندامن ئەوا پاوانی دەکەن و هەزارو یەك کەندو کۆسپ بۆ لایەنەکانی تر دادەنێن تاکو لەو هەرێمەی ئەودا حیزبایەتی نەکات.

www.kurdistannet.org

بگره لە هەندێ حاڵەتدا ئەو سنورەشیان بەزاندوە وبۆ شکاندنی لایەنی بەرامبەر دەستیان داوەتە دەست دوژمنانی کوردستان و پەلکێش کردنی بو سەر یەکتری.من لێرەدا نامەوێ جارێکی تر برینەکانی سەردەمی شەڕی براکوژی هەڵدەمەوە، بەڵکو نمونەیەك دەخەمەروو کە هاوکاتە لە گەڵ ئەو بانگەشەیەی پارتی دیۆکراتی کوردستانی عێراق بۆ کوردایەتی کردن لە (کەرکوك) .لە بە ئەوەی زۆربەی ئەو پۆلیسانەی کە لە سنوری خانەقین دامەزراون سەر بە پارتین و هەندێ لە ئەفسەرەکانیش هەر سەر بەو حیزبەن،بۆیە بە هەلی دەزانن وبە هاوکای پۆلیسی دیالە لە ناو بارەگای ئەو هەموو حیزبانەی ناو شاری خانەقین بۆ هەتك کردنی یەکێتی، هێرش دەکەنە سەر مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وماڵی قائیمقامی خانەقین کە ئەویش هەر یەکێتییە ودەست دەکەن بە پشکنین و گەڕان بە دوای چەکدا.گەورەترین ئیهانەو هەتك کردن کاتێکە کە تۆ بە بەر چاوی خەڵکی شارەکەتەوە شان بە شانی عەرەبی تەعریب هەڵدەکوتیتە سەر بارەگای حیزبیکی کوردی.ئەویش بە چ بیانویەك (گوایە ئەو حیزبە چەکی لە بارەگاکەی‌دا شاردوەتەوە)گریمان ئەوەشی کردوە... ئەی ئەو چەکە هی کێیە وبۆچییە؟ مەگەر هەر بەو چەکانە نەبوو هەزاران عەرەبی تەعریب لە خانەقین دەرکران...کوردایەتی راستەقینە ئەوکاتە دەبوو کە پۆلیسەکانی سەر بە پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق ملیان بۆ فەرمانی لێپرسراوەکانیان شۆڕ نەکردباو دژی ئەو کارە ناکوردانە بوەستابانایە.

بەراستی کوردایەتی سنور ناناسێ وکات وشوێنیشی بۆ نییە.کە لە ( کەرکوك )داوای کوردایەتی دەکەیت چونکە ئەندامت لەو شارەدا کەمە،حەق وایە لە ( دهۆك )یش هەمان هەڵوێست هەبێت.لە بەغداش هیچ کات ئاستی کوردایەتیت لەوەی کە هەتە کێرڤەکەی دانەبەزێت.

ئەمرۆ لە کوردستان خەڵك بە تەواوەتی حیزبایەتیان لە بەرچاو خراوە.هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بە هەڵە مومارەسەکردنی کاری حیزبایەتی‌لە لایەن حیزبەکانی کوردستانەوە.کە دەلێم حیزبەکانی کوردستان مەبەستم هەموو حیزبەکانە بە بێ ئیستسنا.چ ئەوانە لە ناو دەسەلأتدان یان ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەلأت.بۆیە کاتێك باس لە گەڕانەوە بۆ ناو پرەنسیپەکانی کوردایەتی دەکەن تکایە کوردایەتیش بە هەمان دەردی حیزبایەتی مەبەن و لە بەرچاوی خەڵکی مەخەن.لیرەشدا رووی قسەم هەڵگرانی بیری نەتەوەیی دەکەمو دەڵێم، با چیتر رێگە نەدەین کورایەتی‌یش بەردەردی حیزبایەتی بەرن........

www.kurdistannet.org